حکومەتی هەرێمی کوردستان - عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

پەروەردەی ئیسلامی

پۆلی شەشەمی بنەڕەتی

ئامادەکردنی

عبـدالله عبـدالرحمن بابان　　فاروق محمد علی عباس
ئازاد عمر سید أحمد　　صادق عثمان عارف

پێداچوونەوەی زانستی

د. بەشیر خەلیل تۆفیق　　ئەبو بەکر عەلی کاروانی

وەرگێڕانی

عبدالله عبدالرحمن بابان

پێداچوونەوەی زمانەوانی

سادق ئەحمەد عوسمان روستایی

چاپی یەکەم　　١٤٣٦کۆچی - ٢٠١٥زایینی - ٢٧١٥کوردی

سەرپەرشتی زانستی: فاروق محمد علی عباس

سەرپەرشتی هونەری چاپ : عوسمان پیرداود کواز -   خالد سلیم محمود

نەخشەسازی بەرگ: عادل زرار امین

تایپ و نەخشەسازی ناوەڕۆك: ئاری محسن احمد

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی وێنەکان: عادل زرار امین   -   ئاری محسن احمد

جێبەجێکردنی بژاری هونەری: یوسف احمد اسماعیل

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی

پەروەردە کارانی بەڕێز، ئەم پەڕتوکە بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتییە، هەر وەکو لە قۆناغەکانی پێشوودا ڕەچاوتان کرد، شێوازی خستنەڕووی بابەتەکانمان گۆڕیوە، هەروەها جۆرەکانیشیان، بەڕێزتان تێبینی ئەوەش دەکەن کە چیرۆکی ئامانجدار لە وانەکانی ئەم پەڕتوکەدا هەن، مەبەستیش لەم چیرۆکانە ئاسانکارییە بۆ تێگەیشتنی بابەتەکان لە لایەن قوتابییانو خوێندکارانەوە.

وەك باسیشمان کرد، بە هۆی گۆڕینی ئەم پرۆگرامە داوا کارین لە پەروەردە کاران شێوازی شیکردنەوەو خستنەڕووی بابەتەکان بۆ قوتابییان بگۆڕن، بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە ئامانجە پەروەردەییەکانی ئەم پەڕتوکەی بۆ دانراوە.

جەخت لەوە دەکەینەوە کە دابەشکردنی ئەم پەڕتوکە بە مەبەستی ڕێکخستنی بۆ دوو وەرزە، مامۆستاش بۆی هەیە پابەندی ئەم وانانە نەبێت، بابەتەکان دابەشی سەر وانەکان بکات، بە مەبەستی سوود گەیاندن بە قوتابییان، بە هۆی سوود وەرگرتن لە چالاکییەکانو ڕاهێنانەکانی کە پاشکۆی بابەتەکانی پرۆگرامەکەن.

چاوەڕوانیین پەروەردەکارانی بەڕێزیش هەر تێبینییەکی بنیات نەریان هەبوو بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی پرۆگرامەکە بکات بۆمانی بەرز بکەنەوە.

داواکارین لە یەزدان سەرکەوتوومان بکات لەوەی سودی هەیە بۆ کاروانی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستان.

لیژنەی ئامادەکرن

(وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا)

(طه ١١٤)

وەرزی یەکەم

لە ناوە پیرۆزەکانی خودا

(**المصور**):

ئەوەی وێنەو شێوازێکی تایبەتی بە هەموو دروستکراوەکانی خۆی بەخشیوە.

(**الغفار**):

ئەوەی کاری خراپ لە دونیادا دادەپۆشێتو لە دوا رۆژدا لێی دەبورێت.

(**القهار**):

ئەوەی بەسەر ستەمکاران سەردەکەوێت بە مردنو سەرشۆڕکردنیان، بەر بەستیش لە پێش فەرمانیدا نییە.

(**الباسط**):

چاکەی خۆی بە ئەوانە دەبەخشێت کە شایستەن.

(**القابض**):

چاکەی خۆی لەوانە وەردەگرێتەوە کە شایەنی نین.

سورەتی (الضحی)

بسم اللّه الرحمن الرحیم

((وَالضُّحَى ١ وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَى٢ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا
قَلَى٣ وَلَلْآخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ الْأُولَى٤ وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ
رَبُّكَ فَتَرْضَى٥ أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَى٦ وَوَجَدَكَ ضَالًّا
فَهَدَى٧ وَوَجَدَكَ عَائِلًا فَأَغْنَى٨ فَأَمَّا الْيَتِيمَ فَلَا
تَقْهَرْ٩ وَأَمَّا السَّائِلَ فَلَا تَنْهَرْ١٠ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ
فَحَدِّثْ ١١))

صدق اللّه العظیم

راڤه :

(والضُحى)سویند دەخۆم بە چێشتەنگاو.(**واللیل اذا سجى**)سوێند بە شەو کاتێك بە تاریکیەکەی زەوی دادەپۆشێت.(**ما ودّعك ربُّك وما قَلى**) پەروەردگارت نە وازی لە تۆ هێناوە، نە لێت قەڵسە*.(**وللآخرة خيرٌ لك من الاولى**) دیارە دوارۆژ بۆ تۆ لە دنیا چاکترە.(**وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَى**) لە ئایندەدا پەروەردگارت چاکەی وەهات لەگەڵ دەکات رازی دەبی.(**أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَى**) ئایا بێ باوك نەبووی نەبووی ئەو پەنای پێدای؟ (**وَوَجَدَكَ ضَالًّا فَهَدَى**) بینی گومڕای و رێی نیشان دای؟ (**وَوَجَدَكَ عَائِلًا فَأَغْنَى**) دی هەژاری و لە ئاتاجی رزگاری کردی؟ (**فَأَمَّا الْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ**) سا تۆش هەتیو مەڕەنجێنە. (وَأَمَّا السَّائِلَ فَلَا تَنْهَرْ) دەرۆزەکەر(سواڵکەر) مەتۆرێنە.(**وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ**) تۆ هەر باسی بەخششەکانی پەروەردگارت بکە.

گفتوگۆ :

١ – مانای ئەم ئایەتە پیرۆزانە بنووسە:

ئ – (**وَأَمَّا السَّائِلَ فَلَا تَنْهَرْ**).

ب – (**وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ**).

٢ – خودای گەورە لە سورەتی (الضحى) بە چی سوێندی خواردوە؟

٣ – خودای گەورە لە ئایەتەکانی (٣و٤و٥و٦و٧و٨) وتارەکەی ئاراستەی کێ کردووە؟

٤ – لە رۆشنایی ئەم ئایەتە پیرۆزە ((**فَأَمَّا الْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ**)).

باسی پاداشتی چاکە لە گەڵ هەتیودا بکە.

---

* **قەڵسە:** بەخەشم و تورەیە

وانەی سێیەم

خێری چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوکدا

دەگێڕنەوە کە لە سەردەمی پێغەمبەر (د خ) گەنجێك هەبوو، زۆر خوداپەرست بوو نوێژو ڕۆژو چاکەی زۆری دەکرد، ئەم پیاوە نەخۆش کەوت و نەخۆشییەکەی زۆر گران بوو، هاوسەرەکەی چووە خزمەت پێغەمبەر (دخ) پێی ڕاگەیاند:(مێردم زۆر نەخۆشە بۆیە ویستم حاڵیت پێ ڕابگەیێنم).

پێغەمبەر (دخ) عەمارو سوهەیب و بیلالی ناردن بۆ لای ، وپێیانی گوت شایەتمانی پێ بێنن، ئەوانیش چوون بۆ لای گەنجەکە بینیان کە لە دوا هەناسە دایە بۆیە شایەتمانیان تەلقین کرد، بەڵام زوبانی بە شایەتمان نەدەگەڕا، ئەوانیش هەواڵەکەیان بە پێغەمبەر(دخ) ڕاگەیاند.

پێغەمبەر (دخ) فەرمووی: کەس لە دایبابی زیندووە؟

گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا دایکێکی پیری هەیە، پێغەمبەر (دخ) بە دوایا نارد

بە قاسیدەکەی گوت: ئەگەر دەتوانێ بڕوات با بێتە لای پێغەمبەری خودا.

قاسیدەکە چوو بۆ لای قسەی پێغەمبەری خودای پێ ڕاگەیاند.

ئەویش گوتی: گیانم بە قوربانی بێت لە سەر منە بچمە خزمەتی و دەستی دایە دارێك و چووە خزمەت پێغەمبەر(دخ) وسەلامی لێکردو ئەویش وەڵامی سەلامەکەی دایەوەو پێی گوت: دایە ڕاستیم پێ بڵێ چونکە ئەگەر ڕاستی نەڵێی ئەوا سروشم لە خوداوە بۆ دێت: کوڕەکەت لەگەڵ تۆدا چۆن بوو؟

دایکی کوڕەکە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا نوێژو ڕۆژو چاکەی زۆری دەکرد.

پێغەمبەر(دخ) فەرمووی: ئەی تۆ؟

دایکی کوڕەکە گوتی: من لێی توڕەم. ئەو زۆر چاودێری منی نەدەکرد وسەرپێچی فەرمانی دەکردم.

پێغەمبەر(دخ) فەرمووی: توڕەبوونی دایکی وای کردووە کوڕەکەی زوبانی لاڵ بێت لە گوتنی شایتمان.

ئەوجا فەرمانی بە بیلال دا: بڕۆ دارێکی زۆر کۆبکەوە.

دایکی گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا چ دەکەی؟ ئەویش فەرمووی: لە پێش تۆ بە ئاگر دەیسوتێنم.

دایکی گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا دڵم بەرگەی ئەوە ناگرێت کوڕەکەم لە پێش چاوم بە ئاگر بسوتێنیت.

پێغەمبەر(دخ) فەرموی: سزای خودا توندترو بەردەوامترە، گەر دەتەوێ خودا لێی خۆشبێت ئەوا لێی ڕازی بە، سوێند بە وەی نەفسی منی بە دەستە نە نوێژ نە ڕۆژو و نە چاکە بە کەڵکی کوڕەکەت نایەت گەر تۆ لێی توڕە بیت.

دایکی گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا من خودا و هەموو فریشتەکانی و ئەو موسڵمانانەی لێرە ئامادەن دەکەمە گەواهیدەر کە لە کوڕم ڕازی بووم.

پێغەمبەر(دخ) فەرموی: بیلال بڕۆ بزانە دەتوانێت بڵێت (لا اله الا الله) یان نا؟ نە وەك دایکی لە شەرمی من ئەو قسەیەی کردبێت.

کاتێك بیلال چووە ژوورەوە گوێی لێ بوو کوڕەکە دەڵێت: (لا اله الا الله).

بیلال چووە ژوورەوەو گوتی: خەڵکینە توڕەبوونی دایکی وایکردبوو

زوبانی لاڵ بێت له گوتنی شایەتمان، ڕەزامەندی ئەو زوبانی کردەوە.

له هەمان ڕۆژدا کورەکەی گیانی له دەست دا، پێغەمبەر (دخ) فەرمانی دا بیشۆنو کفنی بکەنو نوێژی له سەر کردو ئامادەی به خاکسپاردنی بوو.

راهێنان

(١)

مامۆستا بە گوێرەی ئاستەكانیان داوا لە قوتابییەكان دەكات ئەو ئایەتانەی سورەتی (ئیسرا) بخوێننەوە كە باس لە چاكە لە گەڵ دایباب دەكەن.

(٢)

مامۆستا داوا لە هەندێك لە قوتابییان بكات چیرۆكێك یان بە سەر هاتێك ئامادە بكەن كە باس لە رێزگرتنی دایباب دەكەن بۆ وانەی داهاتوو بە هاوكاری خێزانەكانیان.

(٣)

وشە لە گەڵ یەك گونجاوەكانی هەردوو ستوون بە یەك بگەێنە.

رێزگرتنی دایباب	(بابە) بانگ دەكەین
واخفض لهما	كاتی دواكەوتن لە چوونەوە بۆ ماڵ
دەبێت داوای لێبوردن بكەین	(دایە) بانگ دەكەین
باوك بە	جناح الذُّل
دایك بە	ئەركی سەر شانی منداڵانە

چالاكی :

١ – ئەم دوو ئایەتە لە سورەتی ئیسرا راڤە بكە: ((وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلاَهُمَا فَلاَ تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلاَ تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلاً كَرِيمًا ﴿٢٣﴾ وَاخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا ﴿٢٤﴾)) (الاسراء ٢٣-٢٤)

وانەی چوارەم

لە نەریتەکانی سەردان

روخسەت وەرگرتن‌و پیێ حەسیان*

سەردان یەکێکە لە ئاکارەکانی موسڵمانان، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی هاوسۆزی لە نێو کۆمەڵگەدا؛ بەڵام سەردان نەریتی تایبەتی خۆی هەیە، دەبێت مەردوم پێوەیان پابەند بێت، لە بەر چەند هۆیەك، لەوانەش: هەر ماڵێك‌و دانیشتوانەکەی رێزی خۆیان هەیە، ماف خۆشیانە ئامادە بن بۆ بەخێرهێنانی ئەو کەسەی سەردانیان دەکات.

هەر ماڵێك ماف گشتی خۆی هەیەو بە پێی ئەو مافەش کەس بۆی نییە بچێتە ناوی‌و ببینێت چی تێدایە، بە بیێ رەزامەندی، سنووری رەزامەندی وەرگرتنیش سیێ جارە، گەر خاوەن ماڵیش رێگەی نەدا، یان لە ماڵەوە نەبوو، ئەوا دەبێت ئەو کەسە بگەڕێتەوە.

بەڵام ئەگەر خاوەن ماڵەکە لەویێ بوو، ئەوەی سەردانی دەکات پیێ حەسیا بۆی هەیە بچێتە ژوورەوە. بۆیە سەردان دوو مەرجی هەیە: (مۆڵەت وەرگرتن‌و پیێ حەسیان).

مرۆڤ ماف چوونە ناو ئەو ماڵانەی نییە، کە کەسانێك تێدا دەژین بە بیێ (مۆڵەت وەرگرتن) بۆیە گەر کەسمان لەو ماڵە نەبینی لە پاش سیێ جار داوا کردنی چوونە ژورەوە، ئەوا دەبێت بگەڕێینەوە.

تەنها لە هەندێك حاڵەتی تایبەتیدا، دەشێت بچینە هەر ماڵێك بە بیێ مۆڵەت وەرگرتن، وەکو: ئاگر کەوتنەوەیەکی لە ناکاو، یان کاتێك دزێك بچێتە سەر ئەو ماڵە.

گفتوگۆ :

١ – لە گەڵ هاوپۆلەکانتو بە یارمەتی مامۆستا جیاوازی نێوان (مۆڵەت وەرگرتنو پێ حەسیان) شیبکەنەوە، بە هۆی دیمەنێکی نواندن.

٢ – ئەم ئایەتە قورئانییە شی بکەوە:((يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ)) (النور٢٧).

٣ – بە هاوکاری مامۆستا ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر(دخ) شیبکەوە:

((اذا استأْذنَ أحَدُكمْ ثلاثـاً، فَلَمْ يـؤذن لـهُ فَليَرجِـع)) (بوخاریو موسلیمو ئەبو داوود ریوایەتیان کردووە).

٤ – ئایا بۆمان هەیە بچینە ناو ماڵێك کە شتومەکی خۆمانی تێدا بێت؟ وەڵامەکەت بە دەقێکی قورئان بسەلمێنە.

چالاکی :

ئەم ئایەتە پیرۆزانە راڤەبکەن:

((يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿٢٧﴾ فَإِن لَّمْ تَجِدُوا فِيهَا أَحَدًا فَلَا تَدْخُلُوهَا حَتَّى يُؤْذَنَ لَكُمْ وَإِن قِيلَ لَكُمُ ارْجِعُوا فَارْجِعُوا هُوَ أَزْكَى لَكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ)) (النور٢٧ – ٢٨).

---

* پێ حەسیان: استئناس

وانەی پێنجەم

دورکەوتنەوە لە فیز لێدان (لەخۆبایی بوون)



دوورکەوتنەوە لە لەخۆبایبوون یەکێکە لە ئاکارەکانی موسوڵمان چونکە (بە خۆ نازین و خۆ بە زلزانین بە سەر خەڵکانی دیکەوەو بە لاف ڕۆیشتن بەسەریان لە ئاکاری موسڵمان نییە.

خەڵکی هەموویان یەکسانن و هەموومان لە باوە ئادەمین و ئادەمیش لە خۆڵ دروستکراوە، بۆیە نابێت مرۆڤ بە فیز بێت لە گەڵ خەڵکیدا، ڕووی خۆی لە خەڵك وەرگێڕێت،و بە جۆرێك ڕێ بکات کەیف بە خۆ هاتنی تێدابێت، نکوڵی لە بەخششەکانی خودای تێدا بێت، چونکە خودای گەورە ئەو کەسەی خۆشناوێت کە لە خۆی بایی بێت و لاف بە سەر خەڵکی لێبدات و خۆ لەوان بە گەورەتر بزانێت.

نابێت ژیانی دونیا پەلکێشی لە خۆباییبوونمان بکات، وەك ڕووەکێك کە خاوەنەکەی کاتێك باران دەبارێت و سەوز دەبێت پەسەندی دەکات، دواتر زەرد دەبێت و وشك دەبێت و هەڵدەوەرێت و لە ناو دەچێت.

بۆیە مرۆڤ دەبێت سود لەم بەڵگەو ئامۆژگاری و بەسەر هاتانە وەربگرێت.

لە خۆباییبوون وا لە مرۆڤ دەکات ڕوو لە ژیانی ئەم دونیایە بکات و لە بەر ڕابواردنی ئەم دونیایە ڕۆژی دوایی لە بیر بکات، بۆیە نابێت ڕێ بە شەیتان بدەین لێکمان بکات و هیوای لێخۆشبوونمان لای خودا بۆ نەهێڵێتەوە لە خراپەکاریش بەردەوام بین.

گفتوگۆ :

١ – بۆچی دەبێت مرۆڤ خۆی لە لەخۆ باییبوون بپارێزێت؟

٢ – بە یارمەتی مامۆستاکەت ئایەتێك لە قورئان بێنە کە باس لە ژیانی ئەم دونیایە دەکات؟ دواتر گفتوگۆی لە سەر بکەن.

٣ –هۆکارەکانی لەخۆبایی بوون چی یە؟

یەکسانیو ڕێزگرتن لە مافی خەڵك

مامۆستا: قوتابییە خۆشەویستەکانم ئاینی ئیسلامی پیرۆز ڕێزی داناوە بۆ نەوەکانی ئادەم تا ئەوپەڕی پایەکانی بەڕێزی، سەرەڕای جیاوازی ئاینو نەژادو ڕەنگیان.

خودای میهرەبان دەفەرموێت: ((يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)).(الحجرات١٣).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ئایەتە، جیاوازی لە نێوان نێرو مێو ڕەش پێستو سپی پێستو دەوڵەمەندو هەژاردا نییە.

خۆشەویستانم ئایە ڕەوایە لە نێوان موسوڵمانو نا موسوڵماندا جیاوازی بکەین؟

قوتابییان: نەخێر، نابێت.

مامۆستا: ئیسلام ئازادی بە نا موسوڵمانان داوە پەرستشو بیرو باوەڕی ئاینی خۆیان بە جێ بگەیێنن.

شوان: بەڵێ ڕەشۆ ئێزیدییەو ڕێز لە خۆیی و بیرو باوەڕی دەگرین.

یەشار: لە گەڕەکەکەمان خێزانی مەسیحی نیشتەجێن، خێزانەکانمان هاتوچۆیان دەکەن لە کاتی بۆنەو جەژنەکاندا.

مامۆستا: هەمووتان چاك دەکەن، بەڵکو دەبێت لە هەموو کاتێکدا ڕێزیان لێ بگرین.

قورئانی پیرۆز ئەم بەها بالآیانەی بڕیار داوە، خودای گەورە دەفەرموێت: ((وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً))(الاسراء٧٠).

خۆشەویستانم، کوردستانی خۆشەویستمان لە دێر زەمانەوە ئاینو ئاینزاو بیرو باوەڕی جۆراو جۆری لە خۆ گرتووە، لە هەموو شارو گوندەکانی. ئایە دەزانن ئەم ئاینانە چین ؟

یەشار: مەسیحی .

مامۆستا: ئافەرین.

شیرین: جولەکەو ئێزیدی.

مامۆستا: بەڵێ، هەروەها ئاینزا و ئاینی دیکەش هەن وەك کاکەیی و زەردەشتی.

راهێنان

١ – ئەم شوێنی پەرستشانە بە ئاینەکانیان بگەێنە:

ئیسلام	کنیشتە
مەسیحی	مزگەوت
جولەکە	لالش
ئێزیدی	کڵێسا

٢ – ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاوی نێو کەوانەکان پڕ بکەوە:

(یەکسانی – جیاوازی نە کەین – ڕێزی)

ئ – دەبێت .... گشت بیرو باوەڕە ئاینییەکان بگرین.

ب – ئیسلام داوای .... دەکات لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە.

پ – دەبێت .... لە نێو خەڵکیدا بە هۆی ئاینیان یان ڕەنگیان یان نەژادیان.

سود:

ئیسلام ئاینی برایەتی و خۆشەویستی و ئاشتییە.

چالاکی :

١ – ئەم ئایەتە پیرۆزە لە بەربکە:

((يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)). (الحجرات١٣).

٢ – ئەم فەرموودە پیرۆزە لە بەربکە:

پێغەمبەر (دخ) فەرمویەتی:((**النَّاسُ سواسيةٌ كأَسنانِ المِشطِ**)).

چاکە کردن

مامۆستای پەروەردەی ئیسلامی داوای لە خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی کرد لە پۆل بێنە دەرەوە، بۆ ئەوەی بە شێوازێکی کرداری فێری کاری چاکەیان بکات کە سودی هەیە بۆ خەڵك، سەرەتا دەستیان کرد بە خاوێنکردنەوەی دەرگاکانی قوتابخانەکەیان و دواتر باخچەکەی و گۆڕەپانەکەی و شۆستەی دەرەوەی قوتابخانەو دەوروبەری و هەروەها هەموو ئەو دارانەیان ئاودا کە لە باخچەی قوتابخانەکەو شۆستەکانی دەرەوەن... هتد.

وەك شانەی هەنگ بە کۆمەڵ (گروپ) کاریان دەکرد، لە پاش تەواو بوونی کارەکەیان، مامۆستا خوێندکارەکانی لە باخچەی پشتەوەی قوتابخانە کۆکردەوەو لێیانی پرسی: چی فێربووین ؟ چۆن ئەنجامماندا ؟ کارەکە چەندی خایاند ؟ هەست بە چی دەکەن لە پاش ئەم ماندووبوونە ؟ کێتان فەرموودەیەکی پیرۆزی پێغەمبەرمان بۆ دێنێتەوە لە سەر ئەم کارەی ئەنجامماندا ؟

مامۆستا ماوەیەکی پێدان تا بیر بکەنەوە بۆ وەڵامدانەوە، قوتابییانیش بۆ ئەم مەبەستە گروپیان پێك هێنا بوو، وەك پێشتر مامۆستا فێری کردبوون، پاش ماوەیەکی کورت ژیار چووە پێش وەك نوێنەری گروپەکەی، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکەم: ئەوەی فێری بووین، ماندوو

بوونە لە پێناو خەڵکیو پاراستنی پاکو خاوێنی ژینگەو جوانی سروشت.

روناک دەستی هەڵبڕی لە جیاتی گروپەکەی خۆی کە ناوی (تیمی فریاکەوتن)ـە، بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیاری دووەم بداتەوە، گوتی: بە هاوکاریو هاوسۆزی لە نێوانماندا کارەکەمان ئەنجام داو ئەمەش وای کرد ئەرکەکە بە ماوەیەکی کورت ئەنجام بدەین.

قوتابییەکی دیکە گوتی: بە هیچ شێوەیەك هەستمان بە ماندوو بوون نەکرد؛ چونکە وەك شانەیەکی هەنگ کارمان دەکرد، بە شێوازیکی کرداری خۆشو هەستکردن بە دڵخۆشی.



قوتابییان سوپاسی مامۆستایان کردو داوایان لێکرد خۆی ئەو فەرمودەیەیان بۆ بێنێتەوە کە لە گەڵ کارەکەیان دەگونجێت.

مامۆستاش لە دوای ئەوەی سوپاسیکردن بۆ ئارامیو هاوکاریان، گوتی: رۆڵەکانم، ئاینە پیرۆزەکەمان هانمان دەدات کە هاوکار بین بۆ خێرو سوود بەخشین، پێغەمبەرمان(دخ) دەفەرموێت: ((خَيرُ النَّاسِ انفعهم للنَّاسَ)). واتە: باشترین کەس ئەو کەسەیە سودی بۆ خەڵك هەبێت.

هەروەها گوتی: هاوەڵانی پێغەمبەر(دخ) جوانترین نمونەیان لە سەر هاوکاری نواند لە نێو خۆیاندا، بۆ نموونە کاتێك موسوڵمانانی مەککە کۆچیان کرد بۆ مەدینە ، پشتیوانەکان کردنیان بە هاوبەشی خۆیان لە سامان و کێڵگەو زێر، تەنانەت هەندێکیان بە هاوەڵە کۆچکرەکانیان گوت:

گەر رەزامەند بیت یەکێك لە هاوسەرکانمت بۆ تەڵاق دەدەم، بەمەش بوونە سەرکردەو سەرداری جیهان، سەرەڕای هەژاریو نەبوونیان، لە ماوەیەکی کورتدا.

پێغەمبەری خۆشەویستمان (دخ) دەفەرموێت:((انَكُمْ لَنْ تَسَعُوا النَّاس بِأموالِكُمْ،، وَلكِنْ سَعُوهُمْ بِأَخلاقِكُمْ)) واتە: ئێوە هەموو خەڵکی بە پارەو سامان ناگرنە خۆ، بەڵام بە رەوشت بیانگرنە خۆتان.

گفتوگۆ :

١ – مامۆستا چی له قوتابییه‌كان داوا كرد ؟

٢ – بۆچی قوتابییان هه‌ستیان به‌ خۆشی كرد له‌ ئه‌نجامدانی كاره‌كه‌ ؟

٣ – موسوڵمانه‌ كۆچكردووه‌كان‌و پشتیوانه‌كان له‌ مه‌دینه‌ چۆن هاوكاری یه‌كدی بوون ؟

چالاكی :

ئه‌م فه‌رموده‌ پیرۆزه‌ له‌ به‌ر بكه‌:

پێغه‌مبه‌ری خۆشه‌ویستمان (دخ) ده‌فه‌رموێت:((انَّكُمْ لَنْ تَسَعُوا النَّاس بِأموالِكُمْ،، وَلكِـنْ سَعُوهُمْ بِأَخلاقِكُمْ)).

وانەی هەشتەم

کشتوکاڵکردن

لە کاتی گەڕانەوەی لە قوتابخانە هەردی باوکی بینی لە باخچەی ماڵەکەیان نەمامەکان ئاو دەدات و گەڵا هەڵوەریوەکان کۆ دەکاتەوە، هەردی لە باوکی پرسی هۆی ئەم بایەخدانەی بە باخچەکە چییە، باوکی وەڵامی دایەوەو گوتی:

کوڕەکەم: پەیوەندی مرۆڤ بە خاکەوە لە دێر زەمانەوە رەگی داکوتاوە، کاتێك مرۆڤ بینی کە سودێکی زۆر لەم خاکە بە دەست دێنێت، ئەمەش هەموو ژیارە کۆنەکان جەختیان لە سەر کردۆتەوە، کاتێك ژیارەکانیان لە نزیك رووبارە گەورەکان بنیات نا، وەك : ژیاری (دۆڵی دوو زێ) لە نێوان رووباری (دیجلەو فورات) لە عیراق و ژیاری (دۆڵی نیل) لە نزیك روباری (نیل) لە میسر.

ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش جەختی لە سەر کاری کشتوکاڵی کردووە، هەروەها پێغەمبەر(دخ)و هاوەڵانی لە دوای خۆی گرنگی زۆریان بە کشتوکاڵ داوە.

پێغەمبەر (دخ) لە گەڵ خەڵکی خەیبەر رێککەوت لە سەر بەشێك لە بەرو بووم.

هەردی گوتی: باوکە یا دەبێت ئێمە هەمووان کاری کشتوکاڵ بکەین ؟

باوکی وەڵامی دایەوە: کوڕی خۆم، گەر هەندێك خەڵك کاری کشتوکاڵ بکەن ئەوا پێداویستی ئەوانی دیکە دابین دەبێت. چاندنی دارو درەخت لە ناوەوەو دەرەوەی شارەکان سودی هەیە بۆ خۆشکردنی ئاوو هەوا، شاریش هەردەم سەوزی دەنوێنێت، ئەمەش ئەرکی هەمووانە.

گفتوگۆ :

١ – بە یارمەتی مامۆستاکەت هەوڵ بدە ناوی هەندێك رووەك بنووسی کە لەقورئاندا ناویان هاتووە و جیاوازی نێوان (چەقاندن) و (چاندن) روون بکەوە.

٢ – بە فەرمودەیەکی پێغەمبەر (دخ) گرنگی کشتوکاڵ رون بکەوە.

٣ – چۆن پارێزگاری لە داری پارك‌و باخچەی قوتابخانە دەکەین ؟

سورەتی ئەلشەرح (الشرح)

بسم الله الرحمن الرحيم

((أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ﴿١﴾ وَوَضَعْنَا عَنْكَ وِزْرَكَ ﴿٢﴾
الَّذِي أَنْقَضَ ظَهْرَكَ ﴿٣﴾ وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ ﴿٤﴾ فَإِنَّ مَعَ
الْعُسْرِ يُسْرًا ﴿٥﴾ إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا ﴿٦﴾ فَإِذَا فَرَغْتَ
فَانْصَبْ ﴿٧﴾ وَإِلَى رَبِّكَ فَارْغَبْ ﴿٨﴾))

صدق الله العظيم

راڤه:

(أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ) ئەدی ئێمە سینگی تۆمان فراوان نەکرد؟(وَوَضَعْنَا عَنْكَ وِزْرَكَ) قورساییشمان لە سەر شانەکانت لا نەبرد؟ (الَّذِي أَنْقَضَ ظَهْرَكَ) ئەوەی پشتی چەماندبووی؟ (وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ) ناوبانگیشتمان بەرزکردیەوە. (فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْراً) لە پاش تەنگانە خۆشی دێت.(إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْراً) ئارێ لە پاش تەنگانە خۆشی هەیە.

(فَإِذَا فَرَغْتَ فَانْصَبْ) هەرکە لە کارەکەت تەواو بووی ، راستبەوە بۆ کارێکی دیکە..(وإلى ربك فأرغب) ئەوسا روو لەپەروەردگارت بکە.

گفتوگۆ :

١ – مەبەست لە گوتاری خودا لەم ئایەتە کێیە :((الم نشرح لك صدرك)).

٢ – مەبەست لەم ئایەتە چییە؟ ((ان مع العسر يسرا)).

وەرزی دووەم

چەند وێنەیەك لە خۆنەویستی هاوەڵان (ر.خ)

خۆنەویستی واتای ئەوەیە کە کەسانی دیکە لە خۆت لە پێشتر بزانیت، بۆ بە دەستهێنانی بەرژەوەندییەك یان سودێك یان بەر گرتن لە زەرەرێك، یەکەم نەوە لە موسوڵمانان پێشەنگی چاکبوون بۆمان، لەم رەوشتە چاکە، کە لە لایەن خودای گەورە زۆر رەوشتێکی خۆشویستراوە.هەر وەك رەوشتە چاکەکانی دیکە.

ئا بەم وشانە مامۆستا چووە ناو باسەکەوە، پێش ئەوەی کارەکان بە سەر قوتابییەکاندا دابەش بکات، کە لێی کۆبووبوونەوە، لە دوای ئەوەی لە هەولێرەوە گەیشتنە هاوینە هەواری بێخاڵ، لە گەشتێکی بەهاریدا.

شوان کە یەکێك بوو لە خوێندکارەکان داوای لە مامۆستا کرد چیرۆکیکی جێکەوتیان بۆ بگێرێتەوە لەم بوارە، چونکە بەرێزی مامۆستای پەروەردەی ئیسلامییەو لە ژیاننامەی پێغەمبەر(دخ)و هاوەڵانی(رخ) شارەزاییەکی باشی هەیە.

مامۆستا سوپاسی کردو گوتی: کاتێك موسوڵمانان لە مەکەوە کۆچیان کرد بۆ مەدینە، لە دوای خۆیان سامان‌و کەس‌و کاریان جێهێشتبوو، پێغەمبەر (د.خ) برایەتی بنیاتنا لە نێوان هەر موسوڵمانێکی کۆچکردووی خەڵکی مەکە -کە ژمارەیان کەم بوو- وموسوڵمانێکی پشتیوانی

خەڵکی مەدینە، هەر موسوڵمانێکی خەڵکی مەدینە ئارەزووی دەکرد بەشی لەم کارە چاکە هەبێت.

سەعدی کوری رەبیعی- پشتیوان- بووە براو پاڵپشتی عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف کۆچکردوو.

سەعد بە عەبدولڕەحمانی گوت: دوو رەزم هەن، دەمەوێت خۆت سەر پشك بیتو بۆ خۆت هەڵبژێریت کام رەزت دەوێت، چونکە من لە دەوڵەمەندترین خەڵکی مەدینەمو سامانێکی زۆرم هەیە.

عەبدولڕەحمان زۆر سوپاسی کردو نزای خێری بۆ کردو گوتی: خودا ماڵو خێزانەکەت بپارێزێتو بەرکەت بخاتە ناویان، تەنها ئەوەم لە تۆ دەوێت رێی بازاڕم نیشان بدەیت؛ چونکە من دەمەوێت لە دەستکەوتی کاری خۆم نان بخۆم، هەروەها بە هێزمو توانای کارم هەیە.

جا عەبدولڕەحمان کاری کردو خوداش دەرگای رۆزیو دەهەندی لێکردەوەو بووە خاوەن سامانێکی باش، بە هۆی پشت بە خۆ بەستن لە پاش پشت بە خودا بەستن.

بەم کارەی سەعد نمونەیەکی بێ وێنەی نواند لە خۆنەویستی، ئەی رۆڵەکانم دەبێت ئێمەش لە نێو خۆماندا ئاوەها بین، خودای گەورەش دەربارەی ئەو هاوەڵانە دەفەرموێت:((ويـؤثرون على انفسهم ولو كان بهم خصاصة)).

دوای ئەوە سارا هەستا چیرۆکێکی خۆنەویستی دەربارەی پێشەوا عەلی کوڕی ئەبو تالیب (رخ) لە گەڵ خێزانەکەی گێڕایەوە، کە باوکی بۆی گێڕابووە، کە زانایەکی ئاینییە، ئەویش بە خوێندنەوەی ئەم ئایەتە پیرۆزە دەستی پێکرد:((وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا ﴿٨﴾ إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاءً وَلَا شُكُورًا ﴿٩﴾))(الانسان ٨-٩) لە سەر پێشەوا عەلیو خێزانەکەی هاتۆتە خوارەوە، چونکە بۆ ماوەی سێ شەو لە دوای یەك بە برسێتی مانەوە، لە بەر ئەوەی ئێوارەی هەر سێ رۆژەکە (هەژارێكو هەتیوێكو دیلێك)ی برسی دەهاتە بەر دەرگایان، ئەوانیش خۆیان برسی دەکردو نانەکەیان بەوان دەبەخشی لە رێی خودا بۆ ئەوەی تێر بخۆن.

بە مەش هەموو قوتابییان تێگەیشتن کە مرۆڤ دەبێت چۆن رەفتار بکات لەگەڵ مرۆڤی برای، بۆیە هەر یەکێکیان هەستاو دەستیکرد بە ئەنجامدانی کارێك، بۆ ئەوەی هاوڕێیەکەی بحەسێتەوە، بەمەش رۆژی گەشتەکەیان بە خۆشی بردە سەرو بە ئاسوودەیی ئێوارە گەڕانەوە بۆ هەولێر،و توانیشیان لەو کاتەی لەناو پاسەکە بوون ئەو ئایەتە پیرۆزانە لە بەر بکەن بە یارمەتی مامۆستاکەیان، دەیانگوت: سوپاس بۆ خودا بە ساغیو سەلامەتی گەڕاینەوە.

راهێنان :

مامۆستا هەڵدەستێت بە دابەشکردنی قوتابییەکان بۆ چەند تیپێک، بۆ ئەوەی یارمەتی ئەو قوتابییانە بدەن کە لەوان بچووکترن و لە پۆلەکانی یەکەم و دووەمن، لە گۆڕەپانی قوتابخانەو کاتێک لە شەقام دەپەڕنەوە لە پاش کۆتایی هاتنی دەوام. ئەمەش گیانی برایەتی و خۆنەویستی و هاوکاری لە دڵیاندا دەچێنێت.

گفتوگۆ :

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١ – قوتابییەکانی پۆلی شەشەم لە گەشتەکەیان بۆ کوێ چوون ؟

٢ – کێ داوای لە مامۆستا کرد چیرۆکێکیان دەربارەی خۆنەویستی بۆ بگێڕێتەوە ؟

٣ – کێ چیرۆکەکەی خۆنەویستی پێشەوا عەلی(ر.خ) گێڕایەوە ؟

٤ – پێشەواو خێزانەکەی چەند رۆژ بە برسێتی مانەوە ؟ بۆ چی ؟

چالاکی :

مامۆستا داوا لە قوتابییان دەکات لە ماڵەوە حاڵەتێك یان وێنەیەك لە خۆنەویستی یان هاوکاری، کە گوێ بیستی بووبن یان لەگەڵیدا ژیابن لەگەڵ کەس و کاریان، تا لە وانەی داهاتوو بیگێڕنەوەو یان بیخوێننەوە.

وانەی یازدەم

چەند وێنەیەك لە ژیانی شوێنكەوتوان

زاناو ستەمكار

دەگێڕنەوە كە حەجاجی كوڕی یوسفی سەقەفی كۆشكێكی بۆ خۆی دروستكرد لە شاری واست – ئێستا پێی دەوترێت كوت – كاتێك كۆشكەكەی تەواو كرد، داوای لە خەڵكی كرد بێن بۆ تەماشاكردنو نزای پیت و فەڕی بۆ بكەن.

زانای گەورە حەسەنی بەسری نەیویست هەلی كۆبوونەوەی خەڵك لە دەست بدات، كە لە دیارترین زانایانی ئەو سەردەمە بوو، لە پیاوە دیارەكانو شوینكەوتوانیش بووە، ئەوانەی لە سەردەمی پێغەمبەر (دخ) نەژیاون بەڵام لە گەڵ هەندێك لە هاوەڵانی ژیاون، دژ بە حەجاج دەوەستاو لە نێو خەڵكدا بە ئاشكرا باسی لە كارە خراپەكانی دەكردو وتەی هەقی بە روویدا دەگوت.

حەسەنی بەسری چووە شوێنەكە بۆ ئەوەی گوتارێك بۆ خەڵكەكە بخوێنێتەوەو بە بیریان بهێنێتەوە كە دونیا هیچ نییەو ئەوەی لە لای خودایە ئەو بە نرخترە.

كاتێك گەیشتە شوێنەكەو دیتی كە خەڵكەكە بە سەرسوڕماوی لە ئاست هونەری تەلار سازی كۆشكەكە وەستاون، پێیانی گوت:((كاتێك رامایین لەوەی خراپترین كەس دروستیكردووە، دیتمان كە فیرعەون لەمە مەزنترو بەرزتری دروست كردبوو، دوایی خودا فیرعەونی لە ناو بردو هەموو كۆشكو تەلارەكانی تێكدا، خۆزگە حەجاج دەیزانی كە ئەوانەی لە ئاسمانن رقیان لێیەتیو

ئەوانەی لە سەر زەوین مەرایی بۆ دەکەن)).
یەکێك لە ئامادەبووان ترسا ئازاری بدەن، گوتی:
– لە سەر خۆبە باوکی سەعید ... لە سەر خۆبە.
حەسەنی بەسری فەرموی:
– خودا پەیمانی لە خاوەن زانستەکان وەرگرتووە کە بەرچاوی خەڵك رون بکەنەوەو راستییەکان نەشارنەوە.
لە رۆژی دواییدا حەجاج زۆر تورەبوو، فەرمانی دا حەسەنی بەسری بهێنن بۆ ئەوەی سزای بدات، کاتێك هێنایانو چووە جێی کۆبوونەوەکە، کە حەجاج چاوی پێ کەوت پێی گوت: فەرمو باوکی سەعیدو لە سەر جێی خۆی داینیشاند، ئەوانەی لەوێ ئامادەبوون سەریان سوڕما.
کاتێك حەسەنی بەسری دانیشت حەجاج چەند پرسیارێکی دەربارەی ئاین لێ پرسی، حەسەنی بەسریش زۆر لە سەرەخۆو بە رەوانی و زانابیەوە وەڵامی دەدایەوە.
حەجاج پێی گوت: تۆ گەورەی زانایانی.
کە حەسەنی بەسری هاتە دەرەوە، خەڵکەکە لێیان پرسی نهێنی ئەو هەڵوێستە چیبوو، حەسەن فەرموی: کاتێك چوومە لای گوتم: ئەی بەخشندە پشتو پەنام لە لێقەومان، تورەبوونەکەی سارد بکەوە و سەلامەتم کەی لەدەستی، وەك چۆن ئاگرەکەت بۆ ئیبراهیم سارد کردەوەو کردتە مایەی سەلامەتی.

دەر ئە نجام :

لەم چیرۆکە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا دەبێت زانایان رۆڵەکانی کۆمەڵگە رێنوێنی بکەن بۆ خێرو چاکسازیو وەستان بە رووی ستەمکاراندا، ونابێت هاوڕییەتیان بکەن لە ستەمو زۆرداریدا.

پرسیار :

١ – حەسەنی بەسری ڕێنوێنی خەڵکەکەی بۆ چی کرد ؟

٢ – ئەم زانایە بۆ نەترسا کاتێك چووە لای حەجاج ؟

٣ – ڕۆڵ و ئەرکی زانایان لە ژیانی کۆمەڵگەدا چییە ؟

نزا :

خودایە تووڕە بوونی ستەمکاران سارد بکەوە وە بیکە سەلامەتی بۆمان، وەك چۆن ئاگرەکەت بۆ ئیبراهیم سارد کردەوەو کردتە مایەی سەلامەتی.

چالاکی :

چی دەزانیت دەربارەی ژیاننامەی زانا حەسەنی بەسری لە ڕاپۆرتێکی کورتدا بینووسە.

کوڕەکەی جێنشین

پێشەوای باوەڕداران (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) پازدە منداڵی هەبوو، سێیان کچ بوون، هەموویان چاکەخوازو لە خودا ترس بوون، بەڵام عەبدولمەلیکی کوڕی -کە ناوەنجیان بوو- لە هەموویان چاکەخوازتر بوو،زۆر لە خودا دەترسا.

کاتێك باوکی بووبە پێشەوای باوەڕداران و پۆستی جێنیشینی وەرگرت، وتارێکی بۆ خەڵکەکە خوێندەوە، داوای لێکردن لەم کارە بیبەخشن، بەڵام خەڵکەکە سووربوون لە سەر ئەوەی ئەو پۆستە وەربگرێت، بۆیە پێیانی گوت:

- ئەی خەڵکینە ئەوەی گوێڕایەڵی خودا بێت، گوێڕایەڵکردنی دەبێتە ئەرك و ئەوەی لە خوداش یاخی بوو، لە سەر کەس ئەرك نییە گوێڕایەڵی بێت.

ئەی خەڵکینە:

- ئەی خەڵکینە گوێڕایەڵم بن تا ئەو کاتەی گوێڕایەڵی خودا دەبم، ئەگەر بێ فەرمانی خوداشم کرد ئەوا گوێڕایەڵ بوون لە سەر ئێوە نابێت بە ئەرك.

دوای ئەوە لە سەر دوانگە هاتە خوارەوەو بەرەو ماڵەکەی بە ڕێ کەوت، لەوێش چووە ژوورەکەی خۆی، مەبستی بوو دەمێك بحەسێتەوە لە پاش ماندووبوونی.

بەڵام هێشتا سەری نەنابووە سەر جێ، عەبدولمەلیکی کوڕی -کە تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو- هاتوو و پێی گوت:

- دەتەوێت چ بکەی ئەی پێشەوای باوەڕداران ؟!

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز گوتی:

- دەمەوێت هەندێك چاوەکانم گەرم بکەم، چونکە وزە لە لەشمدا نەماوە.

عەبدولمەلیکی کوڕی گوتی:

- چاوت گەرم دەکەیت پێش ئەوەی ماڤ خەڵکی بگەڕێنیتەوە، ئەی پێشەوای باوەڕداران؟!

گوتی: کوڕی خۆم دوێنی بە درێژایی شەو نەنووستوم، کاتی نیوەڕۆ لە پاش ئەوەی پێش نوێژی بۆ خەڵك دەکەم، مافەکان بۆ خاوەنەکانیان دەگێڕمەوە، گەر خودا بیەوێت.

کوڕەکەی گوتی: پێشەوای باوەڕداران کێ دڵنیای کردووی کە تا نیوەڕۆ بژیت؟!

ئەم وتەیە هەستی عومەری بزواندو خەوی لە چاوەکانی تۆراندو هێزو توانای بە جەستە

ماندووەکەی بەخشی و گوتی:

- لێم نزیك بەرەوە کوڕی خۆم، کوڕەکەی لە باوەش گرت و نێو چاوانی ماچ کردو گوتی:

- سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە لە پشتم ئەو کەسەی هێناوەتە دونیا بۆ ئەوەی لە ئاینەکەمدا یارمەتیم بدات.

پاشان هەستاو و فەرمانی دا بانگ رابهێشترێت لە نێو خەڵکیدا:

هەر کەسێك داوایەکی هەیەو مافی خوراوە با بەرزی بکاتەوە.

دەرئەنجام:

لەم بەسەر هاتە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە مرۆڤ دەبێت ئامۆژگاری پێشکەش بەو کەسانەش بکات کە لە خۆی گەورەتریش بن چ بە تەمەن بێت یان بە پایە، وەك چۆن عەبدولمەلیکی کوڕی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، لە تەمەنی حەڤدە ساڵی باوکی- کە جێنیشین بوو - ئاگادارکردەوە.

دەبا نمونەی ئەم جۆرە گەنجانە بکەین بە پێشەنگی خۆمان و سوود لە ژیان و تاقیکردنەوەکانیان وەربگرین.

پرسیار :

١ – جێنیشین عومەر کوڕی عەبدولعەزیز بۆچی نازناوی جێنیشینی راشیدی پێنجەمی لێنرا ؟

٢ – بۆچی عەبدولمەلیك نەیهێشت باوکی لە یەکەم رۆژی دەست بەکاربوونی بحسێتەوە؟

٣ – ئەرکی منداڵ بەرامبەر بە باوەکەکانیان چییە؟ بە تایبەتی ئەوانەی باوکەکانیان پلەو پایەی و بەرپرسیاریەتی گشتی لە حکومەت وەردەگرن؟

چالاکی:

پوختەیەك دەربارەی ژیانی جێنیشین عومەر کوڕی عەبدولعەزیز بنووسە، بە تایبەتیش دادپەروەری کە ئەم پیاوە ناوبانگی پیێ دەرکردبوو.



سورەتی ئەلکافرون (الكافرون)

بۆ تێگەیشتن و وەرگرتن

بسم الله الرحمن الرحيم

((قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ ۝١ لَا أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ۝٢
وَلَا أَنتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ ۝٣ وَلَا أَنَا عَابِدٌ مَّا
عَبَدتُّمْ ۝٤ وَلَا أَنتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ ۝٥ لَكُمْ دِينُكُمْ
وَلِيَ دِينِ ۝٦))

صدق الله العظيم

راڤە :

(قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ) بێژە ئەی خودانەناسەکان.(لَا أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ) ئەوەی ئێوە دەیپەرستن، نایپەرستم.(وَلَا أَنتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ) ئەوەی منیش دەیپەرستم ، ئێوە نایپەرستن. (وَلَا أَنَا عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ) ئەوەش پەرستوتانە من نایپەرستم. (وَلَا أَنتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ) ئەوەی دەیپەرستم، ئێوەش نایپەرستن. (لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ) ئاینی خۆتان بۆ خۆتان‌و منیش ئاینی خۆم بۆ خۆمە.

چیرۆکی هاتنە خوارەوەی ئەم سورەتە:

ئەم سورەتە بە هۆی کۆمەڵێك لە قورەیشییەکان هاتە خوارەوە، کە دەیانگوت: ئەی موحەمەد بکەوە شوێن ئاینەکەمان‌و ئێمەش شوێن ئاینەکەت دەکەوین، ساڵێك تو خوداکانی ئێمە بپەرستەو ئێمەش ساڵێك خودای تۆ دەپەرستین، ئەگەر خودای تۆ لە ئەوانەی ئێمە باشتر بوو، ئەوا هاوبەشتین‌و بەشی خۆمان دەبەین،وە ئەگەر ئەوەی ئێمە باشتر بوو لەوەی تۆ ئەوا هاوبەشمانی‌و بەشی خۆت وەردەگریت، پێغەمبەر(دخ) فەرمووی: پەنا بە خودا کە هاوبەشی بۆ پەیدا بکەم. بۆیە خودای گەورە ئەم سورەتی هەناردە خوارەوە((قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ...)) تا کۆتایی سورەتەکە.

پێغەمبەر (دخ) چووە لای کەعبە کە کۆمەڵێك لە قورەیشییەکانی لێ بوو وە ئەم سورەتەی بۆ خوێندنەوە تا کۆتاییەکەی، بەمەش لێی بێ ئومید بوون.

گفتوگۆ :

١ – هۆی هاتنە خوارەوەی سورەتی ئەلکافرون چی بوو؟

٢ – پێغەمبەر (دخ) بۆ یەکەم جار سورەتی ئەلکافرونی لە کوێ خوێندەوە ؟

بنچینەکانی باوەڕ

باوەڕپێ کردن و دڵنیابیە، لە زاراوەی شەرعی باوەڕکردن بەخوایە، باوەڕ بە فریشتەکانی، باوەڕ بە پەرتووکەکانی و باوەڕ بە پێغەمبەرەکانی، باوەڕ بە ڕۆژی دوایی، باوەڕ بەقەدەر باش و خراپی، جا ئەم شەش شتەن کە خولگەی دەرون و بیرکردنەوەی لەسەرە، لە ئێستا و دوا کارەکەیدا، لە کاروباری ژیانی دونیا، وە ئەوانەی بارەکانی تیایا باش ئەبن، وە لە دوا ڕۆژی چاوەڕوانکراو کە روبدات لەم ژیانەی دونیادا، یا ئەوەی پاش مردن رودەدات و لە کاتی زیندوکردنەوە و بڵاوکردنەوەیدا تا مرۆڤ پێویست بێت لە سەری کە باوەڕ بە شەش بنەماکەی بڕوا بکات و کە ئیسلام پێناسەی کردوون و وەك لە سورەتی (البقرة)دەبیینین (آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ)(البقرة ٢٨٥) کاتی پرسیار لە پێغەمبەرکرا (د.خ) دەربارەی واتای بڕوا فەرمووی: کە باوەڕیکەی بەخودا و فریشتە و پەرتوك و پێغەمبەرانی و ڕۆژی دوایی. باوەڕ بە قەدەر باشی و خراپی. (مسلم والبخاري گێرایتیانەوە).

١- باوەڕکردن بە خودای شکۆمەند و گەورە:

باوەڕکردنی بێ سێ و دوو بە بوونی خودای گەورە وەك خوا و خودا و یەك پەرستراو کە هاوتای نیە، وە باوەڕ کردن بە وناو و خەسڵەتانەی لە قورئانی پیرۆز و فەرمودەی راستی پێغەمبەر هاتوە بەبێ گۆڕینی واتاکانی یا لێکچواندنیان بە خەسڵەتەکانی بە دیهینراوی یا گونجاندن یا لە کارکردن. دەبینین کە بڕواکردن بە خودا لە جیاتی باش زانینی بونەوەر و دەروندا دەبێت. وە ئایەتەکان ڕێگەمان نیشان دەدەن و پێویستی باوەڕکردن بەخودای پاك و بەرز دەمان ناسێنن.وە ڕێگەمان نیشان دەدەن بەڵکو دەیسەلمێنێت سەلماندنێکی پتەو و یەکلاکەرەوە لەسەر تاکی بەدیهێنەری شکۆمەند و گەورە (سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنْفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ) (فصلت ٥٣)

٢- باوەڕکردن بە فریشتە :

باوەڕکردن بە فریشتە باوەڕکردنی یەکلاکەرەوەیە کە خودا فریشتەی لە روناکی بەدی هێناوە و ئەوان هەنە، ئەوان سەرپێچی ناکەن لەوەی خودا فەرمانی پێ کردون، ئەوان هەڵساون بەو فەرمانەی کە خودا فەرمانی پێ کردون کە پێی هەڵسن. خودای گەورە فەرموویەتی لە سورەتی (البقرة) : (لَيْسَ الْبِرَّ أَنْ تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ أُولَئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ) (البقرة ١٧٧)

٣- باوەڕکردن بە پەڕتوکە ئاسمانیەکان:

واتای ئەوەیە کە باوەڕ بەو پەڕتوکانە بکەین کەخودا لەسەر پێغەمبەر(د.خ) و نێردراوانی هێناوەتە خوارەوە. لەو پەڕتوکانە ئەوەی خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ناوی هێناون. لەوان ناوی نەهێناون. خودای گەورە لە سورەتی (الاعلی) فەرمویەتی:(إِنَّ هَذَا لَفِي الصُّحُفِ الْأُولَى (١٨) صُحُفِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى (١٩))

ئەو پەڕتوکانەی کە خودای شکۆمەند و بەرز لە پەڕتوکە پیرۆزەکەیدا ناوی ناون: التوراة، ألانجيل، الزبور، صحف ابراهیم، القرأن.

جا (التوراة) بۆ گەورەمان (موسی)یە و (الانجیل) بۆ گەورەمان (عیسی)یە و (الزبور) بۆ گەورەمان (داود)ە و (الصحف)بۆ گەورەمان (ابراهیم)ە و قورئانی موعجیزەی نەمر بۆ گەورەمان (محمد)ە.

٤- باوەڕکردن بە پێغەمبەر و نێردراوەکان:

باوەڕکردنە بەوانەی خودای گەورە لە پەڕتوکەکەی ناوی هێناون لە نێردراو و پێغەمبەرەکانی، وە باوەڕکردن بەوەی کە خودای شکۆمەند و گەورە جگە لە وان نێردراوانی دیکەشی ناردوە، و ئەو پێغەمبەرانەی ژمارە و ناوەکانیان نازانرێت تەنها خودای بەرز نەبێت.

خودای بەرز لە قورئانی پیرۆزدا باسی بیست و پێنج لە پێغەمبەر و نێردراوانی کردوە و ئەوانیش: (ادم، نوح، ادریس، صالح، ابراهیم، هود، لوط، یونس، اسماعیل، اسحاق، یعقوب، یوسف، ایوب، شعیب، موسی، هارون، الیسع، ذوالکفل، داوود، زکریا، سلیمان، الیاس، یحیی، عیسی، محمد) درود و سلاوی خوا لەسەر هەموویان بێت.جا ئەو نێردراو و پێغەمبەرانە پێویستە باوەڕ بە نامە و پێغەمبەرایەتیەکانیان بێنین. باوەڕ کردن بە نێردراوان بنەمای چوارەمە لە بنەماکانی بروا. جا باوەڕی بەندە دروست نابێت تەنها بە باوەڕ پێ کردنیان.

٥- باوەڕکردن بە رۆژی دوایی:

واتای باوەڕکردن بە هەموو ئەو شتانەی کە خودای شکۆمەند و گەورە و پێغەمبەری خودا (د.خ) پێیان راگەیاندوین لەوەی پاش مردن دەبێت لە فیتنەی گۆڕ و ئازار و خۆشیەکەی، زیندوکردنەوە و حەشر کردن و پەڕتوکەکان و لێ پرسینەوە و تەرازوو حەوز و پردی سیرات و تکاکردن و بەهەشت و ئاگر، ئەوەی خودا ئامادەی کردوە بۆ هەموو خەڵکەکانیان.

٦- باوەڕهێنان بە قەدەر باش و خراپی:

ئەویش باوەڕهێنان و باوەڕکردنی یەکلاکەرەوەیە کە گومان لێڵی ناکات بە قەزاو قەدەر باش و خراپەکانیان کە باوەڕ دەهێنین بەوەی کە خودای پاك و بەرز خاوەنی قەزا و قەدەرە و جێ بە جێ کاریانە.

گفتوگۆ :

بنەماکانی باوەڕ بژمێرە. وە باسیان بکە.



وانەی پازدەم

کاری بەسود

ڕۆژێکیان مامۆستای پەروەردەی ئیسلامی هەستا بە دابەشکردنی قوتابیانی پۆلی شەش بەسەر چوار دەستەدا و داوای کرد هەر دەستەیەك نموونەیەك دەربارەی کاری بەسود لە کۆمەڵدا بنووسن، دوای ئەوەی بیرۆکەکەی بۆیان شیکردەوەو گفتوگۆیان لەسەری کرد لە سۆنگەی فەرمودەی پیرۆزی پێغەمبەر (خیر الناس انفعهم للناس) ئەم پرسیارانەی خوارەوەشی کردە بناغەیەك بۆ نووسینی بابەتەکە:

کاری بەسودو چاك چییە؟ چۆن مرۆڤ دەتوانێت کارێکی بەسود ئەنجام بدات؟ ئایا سود بۆ کۆمەڵگە باشترە یان تەنها بۆ خود؟ نموونەیەك دەربارەی کاری بەسود باس بکە. کەی کاری بەسودو چاك سودی بۆ خاوەنەکەی دەبێت؟ ...هتد هەروەها مامۆستا پێی ڕاگەیاندن کە لە وانەی داهاتوودا لە هەر دەستەیەك یەکێکیان هەڵدەستێت بە خوێندنەوەی بابەتەکەیان کە ئامادەیان کردووە.

خوێندکارەکان ئەم شێوازی فێرکردنەنیان زۆر پێ خۆشبوو هەموو دەستەکانیش داواکاری مامۆستایان ئامادە کردبوو چاوەڕوانی وانەی داهاتووی پەروەردەی ئیسلامیان دەکرد، لەپاش

هەندێك گفتوگۆ وە لەسەر داواكاری مامۆستا، كاوە لەجیاتی دەستەی (سێو) كە پێشتر دەستەكە وەك نوێنەری خۆیان هەڵیانبژاردبوو، ئەو باسەی ئامادەیان كردبوو بۆ ئامادەبووانی خوێندەوە كە باسی پیاوێكی دەوڵەمەندی نیشتمانپەروەری ئایینپەروەر بوو كە پردێكی دروستكردبوو، و سودی ئەم كارەو پاداشتی خاوەنەكەی لەلای خودای گەورەیە، مامۆستا سوپاسیكردن دواتر شاناز لەجیاتی دەستەكەی خۆی هەستا كە دەستەی بلبلەكان بوو باسی سودی دارچەقاندنی كرد لەبەر بەرو سێبەرو جوانیەكەی و كاریگەری لەسەر خاوێنی ژینگە، هەموو قوتابییان بۆ ئەم بابەتە هەستیان بزواو هەندێكیان بڕیاریاندا لەپێشماڵەكانیان دار بچەقێنن لە وەرزی گونجاو بۆ دار چەقاندن.

مامۆستا زۆر دڵخۆشبوو بەم كارە دووبارە فەرمودەی پێغەمبەری خودا كەدەربارەی كاری بەسودە لەوانەی پێشووتر باسی كردبوو بە فەرموودەیەكی دیكەی پێغەمبەر موحەمەد (د.خ) دەربارەی دار چەقاندن و رووەك چاندن بۆ قوتابییان خوێندەوە كە دەفەرموویێت:((ما مِنْ مُسلِمٍ يغرسُ غرساً أو يَزرَعُ زَرعاً، فَيَأْكُلُ منهُ طَيْرٌ أَو انسانٌ أو بَهيمَةٌ، الاّ كانَ لَهُ بِهِ صَدَقَةٌ)).

دەستەی (هەتاو) بابەتەكەیان دەربارەی رێزگرتنی میوان و چاكەكردن لەگەڵ هاوسێدا ئامادەكردبوو یەكێكیانیش بە نوێنەرایەتیان خوێندییەوە بەمەش هەموویان بەشدارییان كرد لە تەواوكردنی وانەكەدا.

مامۆستاش گوتی: ئەی رۆڵەكانم هەموو ئەوانەی باستان كرد كاری بەسودن و هەندێك كاری دیكەش هەن سودی خودی مرۆڤ و كۆمەڵگەیان هەیە وەك:

ئامۆژگاری و بڵاوكردنەوەی ئیسلام و ئاشتیو زانستو خۆشەویستیو هاوكاری بۆ كاری چاكەو بەخشین بە هەژارانو سەردانی كەسو كارو ئاشتكردنەوەی خەڵكو سەردانی نەخۆش ...هتد. قسەكانی بەوە كۆتایی پێ هێنا: دەبێت هەر یەك لە ئێمە كارێكی بەسود لە بەرنامەی كاری رۆژانەی دابنێت بەمەش خوداو خەڵكی خۆشیان دەوێتو لێی رازی دەبن.

گفتوگۆ:

١ – کاری چاکو بەسود چییە؟

٢ – کەی کاری چاک سودی بۆ خاوەنەکەی دەبێت؟

٣ – ئایا سود گەیاندن بە کۆمەڵگە باشترە یان تەنها بە خودی خۆت؟

چالاکی:

ئەم فەرمودە پیرۆزە لەبەر بکە:

((خير الناس انفعهم للناس)).

بەسەرکردنەوەی نەخۆش

قوتابییەکان لە پۆلدا دانیشتبوون چاوەڕوانی مامۆستایان دەکرد، بۆ خوێندنی وانەی پەروەردەی ئیسلامی، پاش چەند چرکەیەك مامۆستا (دیمەن) هاتە پۆلەوەو دیتی قوتابییەکان بە هێمنییەکی نا ئاسایی دانیشتوون، لە پاش ئەوەی تەماشایکردن سوپاسیانی کرد لە سەر بایەخدانیان بە پاکو خاوێنی پۆلەکەیانو ڕێکخستنیو هێمنیان، کاتێك رووی لە لای چەپی کرد بینی شوێنی قوتابی (بەهزاد) چۆڵە، بۆیە لە (جوان)ی هاوڕێی پرسی:

– بەهزاد لە کوێیە، ئایا چی بە سەر هاتووە؟

جوان وەڵامی دایەوە: پێش دوو ڕۆژ بە هۆی ڕووداوی ئۆتۆمبیلەوە بریندار بووەو باسکی چەپی شکاوەو ئێستا لە نەخۆشخانەیە.

مامۆستا گوتی: ئایە کەستان سەردانتان کردووە؟

دووان لە برادەرەکانی وەڵامیان دایەوە: بەڵێ، دوای نیوەڕۆی دوێنێ بە ناوی گشت قوتابییەکانەوە چووینە سەردانیو سڵاوو داخوازی هەمووانمان بۆ چاکبوونەوەیمان پێگەیاند، ئەویش بەوە زۆر دڵ خۆش بوو.

– ئایە دیاریتان پێ بوو؟

– بەڵێ دەسکێك گوڵمان بۆی کڕیبوو و بەناوی هەمووانەوە پێشکەشمان کرد.

– چەند لە لای مانەوە؟

– کەمتر لە پازدە خولەك ؟

– مامۆستا دیمەن گوتی: چاکتان کرد رۆڵەکانم، چونکە بەسەرکردنەوەی نەخۆش ئەرکێکی ئاینیو رەوشتییە، و ماف موسوڵمانە بە سەر موسوڵمانەوە، چونکە هۆی زیاد بوونی ئاشناییو خۆشەویستییە لە نێوانماندا، لە بەر ئەوەی ئێمە وەك ئەندامەکان یەك جەستەین دەبێت یەکگرو هاوکاری یەکدی بین.

خودای گەورەو پێغەمبەرەکەشی فەرمانیان بە گشت موسوڵمانان کردووە ئەم کارە بکەن، بۆ ئەوەی برایەتیمان بە هێزتر بێتو رەزامەندی خوداو پاداشتی بە دەست بێنین و چیرۆکێکی بۆ گێرانەوە کە لە سەردەمی پێغەمبەر (دخ) پیرێژنێك هەبوو ئاوی بە پێغەمبەردا دەکردو خاشاکی تێدەگرت کاتێك بە لای ماڵەکەی تێدەپەڕی، دوای ئەوەی ئەو پیرێژنە دیار نەما بۆ ماوەیەك، پێغەمبەر (دخ) پرسیاری لە حاڵی کرد، پێیان گوت کە نەخۆشە، پێغەمبەری میهرەبان (دخ) چووە سەردانی لە بەر ئەوەی ماڵی لە ماڵیەوە نزیك بوو و دوعای خێری بۆ کرد.

پیرێژنەکە زۆر پەشیمان بۆوە لەو کارەی دەیکرد، لە دوایی ئەو کردارە میهرەبانە، و زانیشی کە ئیسلام ئاینی بەزەییو میهرەبانیو لێ خۆشبوونو لێبووردنە، بۆیە باوەڕی هێناو گەواهی دا کە: تەنها خودا خودایەو موحەمەد پێغەمبەری خودایە.

سوود:

هەموو شتێك داب و نەریتی خۆی هەیە، ئادابی سەردانی نەخۆشیش ئەمانەن:

١- هەڵبژاردنی کاتی گونجاو بۆ سەردانەکە.

٢- زۆر لەلای نەخۆشەکە دانەنیشیت.

٣- بە هێمنی قسە بکەین.

٤- ئەوانەی سەردانی نەخۆش دەکەن ژمارەیان زۆر نەبێت.

٥- لە دڵەوە نزای چاکبوونەوەی بۆ بکەین.

راهێنان

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە ووشەی گونجاو پڕ بکەرەوە کە لەبەرامبەردا نووسراوە:

ئ- موسڵمان چەند مافێکی لەسەر برای موسڵمانی هەیە کە ئەمانەن:

١- .... لەکاتێك دا کە دەیبینیت.	داوەتکردنی
٢- .... ئەگەر نەخۆش بوو.	سەردانکردنی
٣- .... کە دەپژمێت.	سڵاولێکردنی
٤- وەڵامدانەوەی	نزاکردن بۆی

ب- چوار نەریت لە نەریتەکانی سەردان بژمێرە.

١-

٢-

٣-

٤-

ناوەڕۆك

ژ	بابەت	ژمارەی لاپەڕە
١	پێشەکی	٣
٢	وەرزی یەکەم	٥
٣	وانەی یەکەم- لە ناوە پیرۆزەکانی خودا	٧
٤	وانەی دووەم- سورەتی (الضحی)	٨
٥	وانەی سێیەم- خێری چاکە لەگەڵ دایباب	١٠
٦	وانەی چوارەم- لە نەریتەکانی سەردان	١٤
٧	وانەی پێنجەم- دوورکەوتنەوە لە فیزلێدان (لەخۆبایی بوون)	١٦
٨	وانەی شەشەم- یەکسانی و ڕێزگرتن لەمافی خەلک	١٨
٩	وانەی حەوتەم- چاکەکردن	٢٢
١٠	وانەی هەشتەم-کشتوکاڵکردن	٢٦
١١	وانەی نۆیەم- سورەتی ئەلشەرح (الشرح)	٢٨
١٢	وەرزی دووەم	٣١
١٣	وانەی دەیەم- چەند وێنەیەك لە خۆنەویستی هاوەڵان(ر.خ)	٣٣
١٤	وانەی یازدەم- زاناو ستەمکار	٣٦
١٥	وانەی دوازدەم- کوڕەکەی جێنشین	٣٩
١٦	وانەی سێزدەم- سورەتی ئەلکافرون (الكافرون)	٤٢
١٧	وانەی چواردەم- بنچینەکانی باوەڕ	٤٤
١٨	وانەی پازدەم- کاری بەسود	٤٧
١٩	وانەی شازدەم- بەسەرکردنەوەی نەخۆش	٥٠
٢٠	سوود	٥٢
٢١	ناوەڕۆك	٥٤